لەکاتێکدا کە مووسڵ ستانێکی کوردستانە و بەشێکی گەورەی ستانی سەلاحەدین، کۆنە نێوچەکانی کەرکووکە، کە سەددام بە زۆر لە کەرکووکی دابڕی،، بەڵکو دەبوو سیاسەتکارانی کورد داوای ئەوە بکەن کە ستانی مووسڵ و سەلاحەدین بچنە سەر هەرێمی کوردستان، چۆنکە 80% ی خەڵکی ئەو ستانانە کورد و کوردستانین، واتە کورد و ترکمان و ئاشووری و کلدانین، بەڵام ستانی ئەنبار ستانێکی عەرەبانە.

ئەگەر سیاسەتکارانی کورد سیاسەتزان بوونایە، هەڵی ئەوەیاننەدەدا کە زمانی کوردی و عەرەبی هەردوو لە هەموو عێراقدا، وەک یەک ببنە زمانی فەرمی (رەسمی)، بەڵکو زمانی کوردی لە کوردستان فەرمی و، زمانی عەرەبیش وەک زمانی دووەم، زمانی عەرەبیش لە نێوچە عەرەبییەکاندا فەرمی و، زمانی کوردیش دووەم. ئەو حەلە دەکرا لە پەرلەمانی عێراق و ستانی بەغدا و دەزگە فیدراڵییەکاندا هەردوو زمان وەک یەک فەرمی بن. دیارە دەبێ لە کوردستانی دوارۆژدا، لە پاڵ زانستگەیەکی ترکمانی و، پاش ئەوەی پارێزگەی مووسڵ چووە سەر باشووری کوردستان، زانستگەیەکی کلدانیزمان و، زانستگەیەکی عەرەبیزمانیش ببێ، بەڵام ئەو زانستگەیە هەر بۆ عەرەبە رەسەنەکانی کوردستان دەبێ، نەک بۆ عەرەبی دەرەوەی باشووری کوردستان. ئەو عەرەبانەی دێنە کوردستانەوە، دەبێ بە زمانی کوردی بخوێنن و، ئەو کوردانەی دەچنە نێوچە عەرەبییەکانی عێراق، بێجگە لە بەغدا، دەبێ ئەوانیش بە عەرەبی بخوێنن. بوونی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی، وەک کوردی، مانای بەعەرەبکردنێکی سەربەخۆی کوردستانە.

**ئەگەر سیاسەتکارانی کورد دەیانەوێ کارێک بۆ دوارۆژی خەڵکی کوردستان و تەنانەت خۆشیان بکەن، وا بەباشدەزانم سەرنجێکی ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بدەن کە زۆرجار باسمکردوون، بەڵام هیوام وایە، دووبارە کردنەوەیان بێکەڵک نەبن:**

١- کورد دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە رامیاری و ئاین، بەتەواوی لەیەک جیابکرێتەوە. واتە، دەستووری عێراق لە هیچ بەشێکدا نابێ پەنا ببا بۆ سەرچاوەیەکی ئاینی، چۆنکە ئاین، سا هەر ئاینێک بێ، لەسەر بنچینەی باوەڕ وەستاوە و، شتێکی تایبەتی و کەسی (شخصی) یە و، ناکرێتە پێوانەیەکی گشتی، کە وەک دەستوور بەسەر خەڵکی وڵاتێکدا بچەسپێندرێ. کە واتە:

دەستووری عێراق دەبێ دەستوورێکی سیکۆلار (عیلمانی) بێ، لەهەموو روویەکەوە. خۆ ئەگەر کورد رازی ببن بەوەی ئاین ببێتە سەرچاوەیەکی دەستوور، ئەو حەلە، شیعەکان، ئەو دەرفەتە دەکەنە بیانووەکەی مەلای مەزبوور، کە تکای لە دراوسێکەی کردبوو، رێیبدا تاکە سنگێک بە دیواری حەوشەی دراوسێکەیدا دابوکتێ، کە دراوسێ رێیدابێ، مەلا بۆ رۆژی دوایی، کەرەکەی هێنا حەوشەی دراوسێکە و، بە گوریس بەستی بە سنگەکەوە و ئاخوڕێکیشی بۆ هەڵبەست. کورد، پاش ئەوەی چەندجار و چەندین جار، لەلایەن ئامانەوە دەستیبڕاوە، و "درۆی شەرعیی" لەگەڵ کراوە، نابێ رێبدا پێیان کەری خۆیان لە کوردستاندا بە گوریسی "درۆی شەرعیی" ببەستنەوە.

٢- کورد نابێ هەرزانفرۆشانە لە حکوومەتێکدا لە گەڵ شیعەکان بەشداربیکا. تانانەت ئەگەر شیعەکان ئامادەشبن، بە سوێند و تەڵاق و مۆریش بەڵێنبدەن. چۆنکە بەڵێنەکانیان بە کورد، هەمووی "درۆی شەرعین". بەرلەوەی حکوومەت دابمەزرێ، دەبێ رەوشی کەرکووک و نێوچە بەعەرەبکراوەکانی دی، گەڕابێتنەوە ئاستی راستەقینەی خۆیان، بێ چۆن و بۆچی، خرابێتنەوە سەر باشووری کوردستان. هەر کاربەدەستێک ئەم لایەنە دوابخا، خیانەت لە کوردستان دەکا و، مافی ئەوەی نامێنێ کە لەسەر کار بمێنێ.

٣ - لە دەستووری عێراقدا دەبێ سنووری هەرێمی کوردستان دیاریکرابێ. رەشنووسی دەستوورەکە دەبێ پێش بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتدا، لەلایەن بەرەی شیعەکانەوە، بە گەرەنتی ئەمریکا، ئیمزا و مۆرکرابێ و، لە رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و لە پەرلەماندا رابگەیەندرێ، بەرەی شیعە دەستەبەر بووبێ کە لە حکوومەتدا پشتگیری لێدەکا.

٤ - دەبێ لە دەستووری عێراقدا بنووسرێ کە کورد لە عێراقدا بەشێکن لە نەتەوەی کورد و، مافی یەکگرتنیان هەیە، بە خۆیان و خاکیانەوە، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان. هەر کاتێک زۆربەی خەڵکی باشووری کوردستان، (نیوە + یەک دەنگ) بڕیاریان بۆ ئەوە دا.

٥ - دەبێ حکوومەتی عێراق، ئەگەر بەو مەرجانەی سەرەوە دامەزرا، دەستەبەر ببێ کە بڕی "٢٥٠" (دووسەت و پەنجا) ملیار پاوەنی ئینگلیزی لە ماوەی (٢٥) "بۆ لاپەڕە ١١"